# بەلجیکا یەکێک لە نمونە گرینگەکانی فیدرالیزم



**هیوا عبدالله- بەلجیکا**
Hiwa.Abdullah@gmail.com

پێشەکی:
فیدرالیزم پرۆژەیەکە لەو وولآتانەی کە لە نەتەوەیەک زیاتر خەڵکیان تێدا دەژی بە شێوەیەکی چڕوپڕ وەک دەرمانی برینەساڕێژنەبووەکان و یەکپارچەیی خاکی دەوڵەت و یەکێتی و تەبایی نێوان خەڵکە جیاوازیەکان پێداگری لەسەر دەکرێ. بۆیە لەو جۆرە وولآتانەدا کە لە نەتەوەیەک زیاتر خەڵکیان تێدا دەژی فیدرالیزم خۆی وەک ڕزگاریکەری قەیرانەکان دەخاتە ڕوو، یەکێک لەو نمونە بەرچاوانەی جیهانیش وولآتی بەلجیکایە، کە فیدرالیزم لەو نیشتیمانە بچوکەو فرەنەتەوەیەدا کە پێکدێن لە ڤالۆن "فەرەنسی زمانەکان" فلامان " هۆلآندی زمانەکان" لە گەڵ بەشێک لە "ئەڵمانی زمانەکان" بۆتە کۆڵەکەی سەرەکی ژیان و پردی برایەتی نێوان گەلو خەڵکە جیاوازەکان.
ئەگەر ئەمڕۆ سەیری کوردستانیش بکەین گەرچی هەربەشێکەو تایبەتمەنی خۆی هەیە، بەڵام لەزۆر شوێندا کێشەی کورد لە بەشەکانی کوردستانی ژێر دەستی تورکیا-عێراق- سوریا و ئێران زۆر جیاوازتر نیە لە کێشەی فلامانەکانی بەلجیکا کە لە سێچارەگەی سەدەی بیستەم توانیان لە ڕێگای چەند بزاڤێکی ناسیۆنالیستی مۆدێرنەوە شۆڕشێک بکەن و کۆتایی بە دەستەلآتی یەکجەمسەری ڤالۆنەکان و دەوڵەتی یەک نەتەوەو یەک زمان بێنن.
لەو لێکۆڵینەوە بچکۆڵەیەدا جگە لە باسکردنێکی بەپەلە لەسەر مێژوو، ژیان و گوزەران، ئابوری و سیاسەتی بەلجیکاوەڵامی چەندین پرسیاری وەک ئایا فیدرالیزم چارەسەریەکی گونجاوە یان نا؟ ڕاستە فیدرالیزم کێشەو سەرئێشە دەنێتەوە و جیاوازی نەتەوەیی قوڵ دەکاتەوە؟ وەک هەندێک لە رووناکبیر و پارێزەرانی دەوڵەتنەتەوە بەتایبەتی ڕوناکبیرانی تورک و عەرەب باسی لێوە دەکەن دەدەینەوە.

کورتەیەک لە مێژوی بەلجیکا:
بەپێی کۆنترین بەڵگەی مێژویی بەلجیکا تا سەدەی 5 مین لەژێردەستی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمای مەزندابووە، لە سەرەتاکانی سەدەی پێنجەمیندا دەکەوێتە ژێر چەپۆکی "فرانکلینەکان" و پاشانیش تا ساڵی 1477 دەکەوێتە ژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی ڕۆژئاوا. دوای ئەو سەردەمە بەلجیکاش وەک کۆماری فەرەنسا، لوکسەمبۆرگ، ئەڵمانیا، سویس، ئیتاڵیا، مۆنۆکۆ، ئەندۆرا و ئیسپانیا دەبێتە وولآتێکی ڕۆژئاوای ئەوروپا. دوای ڕوخانی "شارلکەن" بەلجیکا ئەمجارە کەوتە ژێر دەستی "ماکسیمیلیان" و بەم شێوەیە بۆ ماوەی 300 ساڵ لەژێردەستی وولآتانی بێگانەدا مایەوە. دوای ساڵی 1713 بەلجیکا دەکەوێتە ژێر دەستی "نەمساو" وەک هۆڵەندای نەمسا

دەناسرێ، لە ساڵی 1813 فەرەنسا بەلجیکای داگیرکرد و دوای ڕوخانی ناپلیۆن لە ساڵی 1815دا بەلجیکا لە لایەن هۆڵەنداوە بەڕێوە دەبرا. دوای ئەوەی لە ساڵی 1830دا بەلجیکیەکان یەکیان گرت ئەمجارە لەژێر گەرەنتی فەرەنسا و بەریتانیادا بەلجیکا بوە وولاتێکی سەربەخۆ، لە ساڵی 1831دا بەلجیکای پاشایەتی پێکهاتو ئەمجارە پاشای بەلجیکا فەرمانی داگیرکردنی ئەفریقای داو وولاتی کۆنگۆی داگیرکرد تا ساڵی 1960 کۆنگۆ لەژێر دەستی بەلجیکا مایەوە. بەلجیکا لە هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا بەشداری کردو هەردوو جاریش لە لایەن ئەڵمانیا داگیرکرا.

پێکهاتەی نەتەوەیی:
بەگشتی دوو نەتەوەی سەرەکی لەسەر ئەمخاکە دەژین ئەوانیش فلامانەکانن کە لە باکوری ئەو وولاتەدا دەژین و ڤالۆنەکانیش لە باشوریدا دەژین، فلامانەکان بە زمانی فلامی یان هۆڵەندی قسەدەکەن و ڤالۆنەکانیش بە زمانی فەرەنسی قسە دەکەن، بەشێکی کەمیش لە خەڵکی ئەو وولاتە بە ئەڵمانی قسە دەکەن. بەلام بە گشتی لە دامودەزگاکانی حکومی و دەوڵەتدا بەتەنیا هەردوو زمانی فەرەنسی و فلامانی بەکاردەهێنرێن.



ڕوبەری بەلجیکا 32.535کم دووجایە. ڕێژەی بەلجیکا: 10.309.725 لەناو ئەو ڕێژەیەدا فلامانەکان زۆرینەن واتە ژمارەیان دەگاتە 6 ملیۆن و ژمارەی ڤالۆنەکان زیاتر لە 4 ملیۆن کەسە ئەوەی دیکە لە ئەڵمانی زمانەکان و ئەو بیانیانە پێکدێ کە ماوەیەکی درێژە ڕوویان لەو وولاتە کردوە.

بروکسل پایتەختی بەلجیکایە وە ئیالەتی سێیەم و ستاتۆیەکی تایبەتی هەیە، بەپێی دەستوری بەلجیکا لە بروکسل هەردوو زمانی فلامانی و فەرەنسی یەکسانن لە بەکارهێناندا، بەلام چ وەک زمان و چ وەک ڕێژە فەرەنسی زمانەکان زاڵن، تاکو ئێستاش ناکۆکی و ڕقابەت لە نێوان هەردوو گروپی ئێتنیکی لەسەر شاری بروکسل بەردەوامە، زۆربەی زۆری سەرچاوە مێژوییەکان دەیسەلمێنن کە ئەو شارە لە کۆندا شاری فلامان واتە هۆڵەندی زمانەکان بوە، بەلام بە حوکمی داگیرکاری لە لایەن فەرەنسا و کاریگەری و دەوڵەمەندی کولتوری فەرەنسی بەسەر زمان و کولتوری فلامانەکان خەڵکی ڕەسەنی ئەو شارەی توشی تواندنەوەیەکی خۆویستانە کردووە، هەروەها ئەو کاتەش بەتایبەتی لەسەردەمی گەشەسەندنی بۆرژوازیدا، فەرەنسی زمانی بۆرژوا بوو، بروکسلیش ناوەندێکی گرنگی بۆرژوازی بوە، بۆیە فلامانەکان سەرباری ئەوەی کە زۆرینەی بەلجیکا پێکدێنن و دەوڵەمەندترن لە ڤالۆنەکان و خەڵکی ڕەسەنی ئەو شارەن ناتوانن بروکسل بێننەوە ئاستی جارانی، ئەمڕۆ لە بروکسل ئەگەر زمانی فەرەنسی نەزانی زۆر جار توشی زەحمەتی دەبی، سەرچاوە مێژوییەکان پێیان وایە ڤالۆنەکان ئەگەرچی زمانەکەیان فەرەنسیە بەلام لە بچینەدا دەگەڕێنەوە بۆ ڕەگەزی ڕۆماییە کۆنەکان، زۆربەی زۆری بەلجیکیەکان کاتۆلیکن بەشێکی کەمیشیان پرۆتێستانن، تارادەیەک عورفی ئایینی و ڕێزلێنان لە ئایین و کڵێسا بەردەوامە لەو وولاتەدا، بەلام ئازادی ئایینیش تارادەیەکی زۆر هەیە بۆ هەموو تاکەکان و تەنانەت موسوڵمانانیش لە هەموو شارە گەورەکاندا مزگەوتیان هەیە کە لە لایەن حکومەتەوە یارمەتیان دەدرێ. لەچاو بچوکی جوگرافیاکەیدا بە وولاتێکی قەڵەباڵغی ئەوروپا تەماشا دەکرێ چونکە هەر کیلۆمەترێک 323،7 سەرنشێنی بەردەکەوێ. بەلجیکیەکان حەزیان لە ژیانێکی



سادەیە، بەگشتی ئەو خەڵکە لە دوای کار کاتی خۆیان بە فیستیڤاڵ، پێشبڕکێی پایسکل، وەرزش و سینەما و پێشەنگاو ئاهەنگ بەسەردەبەن. ژیان لە لە ئاستێکی نیمچە بەرزدایە و ئەگەر ڕەوشی ئەوان لەگەڵ هەندێک وولاتی دیکەی ئەوروپا بەراورد بکرێ، دەبینین تاڕادەیەک خەڵکەکە گرێدراوی بنەماڵەن .

جگە لە بەلجیکیەکان نەتەوەکانی دیکەش وەک ئیتاڵی، عەرەب، تورک و ئیسپانی زۆر تێدا دەژین کە زۆربەیان لە شارەگەورەکاندا کۆبونەتەوە و پێشتر وەک کرێکار هاتونەتە ئەم وولاتە.

## پێکهاتەی سیاسی:

بۆ یەکەمین جار دەستوری بنچینەیی بەلجیکا لە ساڵی 1831دا نوسراوەو ئەرێکراوە. بەپێی دەستوری ئێستای بەلجیکا حکومەت وولات بەڕێوەدەبات و هەموو دەستەڵاتەکانی ژێر کۆنترۆڵی پاشا مرێندراون و ڕادەستی حکومەت کراونەتەوە، بۆیە حکومەت لەهەمان کاتدا سەرکردەی سوپاشە، بەپێی بۆچونە گشتیەکانی پەرلەمان بڕیار لەسەر ئاشتی و شەڕ و هەموو بڕیارێک دەدات. جگە لە حکومەت پەرلەمان-سەناتۆ و ئەنجومەنی گەل لەدەستەڵاتدا یەکسانن، سەناتۆ لە 175 ئەندام پێکدێ، ئەنجومەنیش لە 212 لەهەرچوارساڵ جارێک هەڵدەبژێردرێنەوە.

مۆدێلی ئەو وولاتە تایبەتە لە بەڕێوەبردندا، چونکە فلامانەکان خاوەن بەڕێوەبەری تایبەت بەخۆیانن و ڤالۆنەکانیش بەهەمان شێوە بەلام بروکسلی پایتەخت خاوەنی بەڕێوەبەرایەتیەکی سەربەخۆیە، زۆربەی زۆری ئەو بەڕێوەبەرایەتیە لۆکاڵیانە دەستەڵاتیان لە بورای ئابوریشدا لە ئاستێکی بەرزدایە، بۆ نمونە ئەوان دەستەڵاتیان بەسەر ستاندنی باج و بەکارهێنانی داهاتی هەرێم هەیە.

## چی بوو ئەو هۆکارانەی بەلجیکایان لە دەوڵەتنەتەوە بۆ فیدرالیزم گۆڕی؟

هۆکارە سەرەتاییەکانی گۆڕانی دەوڵەتنەتەوەی بەلجیکا ئەوەبوو کە دەستەڵاتدارانی ڤالۆن بەشێوەیەکی داسەپێنەرانە یەک کولتور کە کولتوری فەرەنسی بوو، یەک زمان کە زمانی فەرەنسی بوو زاڵکرد بەسەر زۆرینە فلامانەکان لەو وولاتەداو بوە هۆی یەکەمین ڕاپەرینی وەرچەرخانییێکی مێژویی لەو وولاتەدا. بۆیە ڕۆڵی فلامانەکان کە لە دەستەلات و زمان و کولتوری خۆیاندا بێبەش کرابوون و ناچارکرابوون بە زمانی فەرەنسی و کولتوری فەرەنسی بژین لەبەرچاوەو ناکرێ لەبیر بکرێ. ئەوەی گرنگە لێرەدا باسی بکەین هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوی ئەو وولاتە نیە، بەڵکو تەدریجی بوونی پرۆژەی فیدرالیزمە کە چۆن هەنگاو بە هەنگاو لەو وولاتەدا چەسپا، ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی لەو ڕاستیە تێبگەین زۆر بە ئاسانی مەترسیەکانی نێوان فیدرالیزمی کۆپیکراوو لەپڕ چەسپاو بەبەراورد لەگەڵ فیدراڵیزمێک کە لە ناخی کۆمەڵگادا هاتبێتە ئاراوە دەبینین، فیدرالیزمی تەجریجی کە پەیتا پەیتا لە هەناوی کۆمەڵگەیەکدا هەڵدەقوڵێ لە ماوەیەکی دیاریکراودا کۆڵەکەکانی کۆمەڵگە و دەوڵەت بەیەکەوە دەگۆڕێ زۆر زۆر پۆزەتیڤترە لەو بۆچون و پەلەپەلیەی ئێمە بۆ فیدرالیزم کە زیاتر ئامانجە سیاسیەکان بەدی دەکات بەڵام ماوەیەکی زۆر لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگە دروست دەکات. بۆیە دروێە ئەگەر بڵێین بەلجیکا لە ساڵی 1993 هەنگاوی بۆ فیدرالیزم ناوە، ئەگەرچی لەو ساڵەدا لە دەستوری

بنچینەییدا فیدرالیزم گەرەنتی کرا، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە 20 ساڵ پێش ئەو کاتی هەنگاوی گرنگ نراوە بۆ ئەو ڕۆژە، ئەگەر بێتو ڕۆڵی ئەو کەسو لایەن و هەوڵدەرانە نەبینرێ، وەک ئەوەی کە فیدرالیزمی بەلجیکا لە ئاسمان هاتبێتە خوارەوە تەماشا بکرێ، ڕەنگبێ کۆمەڵێک ئاڵۆزی و تێنەگەیشتن لە مێشکماندا ساز ببێ دواییش ئەکەوێتە خزمەتی دژبەرانی ئەو پرۆژەیە و لایەنگرانی دەوڵەتی ئێتنیکی و مەرکەزی. بۆیە دەکرێ بووترێ کە 20 ساڵ بەر لەوەی فیدرالیزم لە دەستوری بەلجیکادا بچەسپێ کۆمەڵێک ریفۆرم وەک ریفۆرمەکانی نێوان ساڵانی 1970-1980، 1971-1988، 1889-1981، 1993-1994 و 2004 ئەنجام دراون، ئەم ریفۆرمانە توانیان دەروازە لەبەردەم پرۆژەیەکی وا بکەنەوە کە چارەنوس و مێژوی وڵاتی گۆڕی.
بۆیە فیدرالیزمی بەلجیکا لە ئەنجامی جەمسەرگەری هەردوو نەتەوەی فەرەنسی زمانەکان و هۆڵەندی زمانەکان سازبووە، لە دەوڵەتێکی مەرکەزیەوە هەنگاوی ناوە بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی نەک وەکو ئەمریکاو کەنەدا لە ئەنجامی چەند فیدراسیۆنێکەوە دەوڵەتێکی گەورەی سازکرابێ.
پرۆژەی فیدرالی بەلجیکا لە ئەنجامی تێکۆشانی چڕوپڕی فلامانەکاندا دژ بە ناعەداڵەتی و تواندنەوەی زمان و کولتوری نەتەوەیەک گەیشتۆتە ڕۆژی ئەمڕۆ، ئەم تێکۆشانە هەندێک جار لە لایەن کلێسای کاتۆلیکەکانیش پشتگیری لێکرابێ بە گشتی جگە لە کەسایەتیە ئایینیەکان کەسانی پسپۆر لە بوارەکانی مافی مرۆڤ، ڕوناکبیران ڕۆڵیکی یەکجار زۆریان تێدا بینیوە و وەک پرۆژەی ئەڵتەرناتیڤی دەوڵەتی ناوەندی گەشەی بەخۆیەوە بینیوە، ناسیۆنالیزمی فلامانی سەرەتا لە بوارەکانی تێکۆشانی کولتوریەوە دەستی بەکار کردووەو زۆری پێنەچوە بۆتە بلوکێکی سیاسی و توانیویەتی لە ئەنجامی بیرکردنەوەیەکی تەواو جیاواز لە ڤالۆنەکان کە ئەزموونی دەستەڵاتیان زیاترە گەشانەوەیەکی یەکجار زۆر لە بواری ئابوری کولتوری و خۆشگەزەرانی بە ناوچەی ڤلاندەرەن ببەخشێ، بەڵام ڕاستیەکی دیکەش ئەوەیە کە لە هەندێک شوێندا بزوتنەوەی نەتەوەیی فلامانەکان لە بەلجیکا بۆتە هۆکاری کاردانەوەی فەرەنسی زمانەکان و ناسیۆنالیزمی ڤالۆنی بەهێزترو بەتەگبیرتر کردوە، ئەوەش زۆر جار لە ئەنجامی ئەو بۆچونە ناسیۆنالیستیە بەرتەسکەی دەستەڵاتداری فەرەنسی زمانەکان و ترسیان لە داهاتوو دروست بووە، بۆ ئەوەش ئەوان زۆر جار سودیان لە کولتوری دەوڵەمەندی فەرەنسا وەرگرتوە کە زۆر زۆر کۆنترو دەوڵەمەندترە و ڕۆڵێکی بنچینەیی لە شۆڕشی ڕێنێسانسدا بینیوە. وە جیاوازیەکی دیکەی ناسیۆنالیزمی ڤالۆنی لە بەلجیکا ئەوەیە کە زیاتر بنەمایەکی چینایەتی هەبووە لە سەرەتادا، زۆربەی زۆری سیاسی و ڕوناکبیرەکانیان ئەندام و دامەزرێنەری پارت و ڕێکخراوە سۆسیالیستەکان بوون، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە دامەزراندنی ڕێکخراوە پیشەییەکانی کرێکاراندا بینیوە. ناسیۆنالیزمی فلامانی لە ناوچەی ڤلاندەرەن لەسەرەتادا لەسەر بنەمای ناسنامەو کولتور سازبووەو پاشان بۆتە دەزگایەکی سیاسی و ئێستاش پێداگری لەسەر ناسنامە دەکەن، ناسیۆنالیزمی ڤالۆنی پێداگری لەسەر چەمکی نەتەوە وەک زۆرناوچەیی و یەکگرتویی کۆمەڵگەی سیاسی دەکەن، ئێستاکەش ناسیۆنالیزمی ڤالۆنی سەرباری ئەو هەموو کولتور و زمانە دەوڵەمەند و ئەزمونی دەستەڵاتە لەبەرانبەر کاریگەری ڕێکخراوە فلامانیەکان دەستەوەستان ماوە، ئەوەش بۆ دەوڵەمەندی پرۆژەکانی فلامانەکان و ئەو مۆدێلەی داوای دەکەن دەگەڕێتەوە، واتە لێرەدا فیدرالیزم وەک پرۆژە دەیسەلمێنێ کە دەتوانێ فکرو لۆژیکی دەوڵەتی نەتەوەیی- مەرکەزی داخراو لەگۆڕ بنێ، هەر ئەوەش بوو وای کرد کە لە ئاستی جیهاندا بەتایبەتی لە سەدەی بیستەمدا ئەمریکا بەسەر ئەڵمانیا و ڕوسیادا سەربکەوێ ئەگەر وڵاتێکی وەک چینیش ئەو مۆدێلەبەسەرچوە تێپەڕنەکات لەبەرانبەر ئەمریکا ناتوانێ سەربکەوێ، ئەوە بۆ فەرەنساش وایە، وڵاتێکی وەک فەرەنسا کە خاوەنی مێژویەکی بەهێز و دەوڵەمەندە لە هەموو بوارەکانی

فکر، کولتور، فەلسەفە، ڕێنێسانس و ئابوریدا، بەڵام ئەورۆ لەچاو وولاتانی دیکەی ئەوروپادا توشی کۆمەڵێک کێشەو قەیرانی ئیداری و ئابوری بوە، هێنانە سەرکاری سەرۆککۆمار نیکۆلاس سیێرکۆزیش بۆ چارەسەرکردنی ئەو تەنگژەیە کە تەواوی وولاتی پەرێشان کردوە.

## تایبەتمەدی فیدراسیۆنی بەلجیکا لە چی دایە؟

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی پرۆژەی فیدرالیزمی بەلجیکا جگە لەوەی فیدراسیۆنەکان لە نێوان فەرەنسی زمان، فلامان زمان و ئەڵمانی زمانەکاندا دابەشکراوە، فیدراسیۆنی ئیالەتەکانیش تایبەتمەندیەکی دیکەی بەرچاوە کە پێکدێن لە هەرێمی "ڤالۆن، ڤلاندەرەن و بروکسل"، بە گشتی لە سیستەمە فیدرالیەکاندا ئیالەت لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدایە، بەڵام لە بەلجیکا بەپێچەوانە، واتە لە بەلجیکا بەڕێوەبەرایەتی فیدراڵ لەسەرووی بەڕێوەبەرایەتیە هەرێمیەکاندا نیە.

فیدرالیزمی بەلجیکا خاوەنی دوو کاتەگۆری جیاوازە یەکەمیان کولتوری و سۆسیال، دووەمیان زمان، یەکەمیان پێداگری لەسەر لۆژیکی ناوچە دەکات، دووەمیان پێداگری لەسەر لۆژیکی کۆمەلایەتی دەکات، هەر یەکێک لەوانە خاوەنی پەرلەمان واتە ئەنجومەن و ئۆتۆریتەی بەڕێوەبەرایەتی تایبەت بەخۆیەتی، حکومەتە هەرێمیەکانیش ڕەوایەتی خۆیان لە هەڵبژاردنە دیموکراتیەکاندا دەبییننەوە کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەماندا حکومەت لە لایەن پەرلەمانەوە تەشکیل دەکرێ. پاشای بەلجیکا هیچ ڕۆڵێکی لە دەستنیشانکردنی حکومەت و هاندانی پەرلەمان بۆ ئەو مەبەستەو هیچ مەبەستێکی دیکە نیە وە نە پاشاو نە بنەماڵەکەی هیچ دەستەلاتێکی سیاسی و ئابوری و پێکهێنانیان نیە. هەرێمەکان ڕاستەوخۆ دەستپێشخەرو بەرپرسیارن لە هەموو بوارەکانی پێشوەبردنی ئابوری و تەرخانکردنی ئابوری هەرێم بۆ خودی هەرێم، دروستکردنی ڕێگاوبان، کولتور و زمان، تەندروستی، ئاوو ئاودێری، ووزە و ...هتد. بەڵام حکومەتی فیدراڵ بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەوە.

## تێکەڵاوکردنی کێشەکانی بەلجیکا و سەرئێشەکانی فیدرالیزم

ماوەیەکە کۆمەڵێک ڕوناکبیری دژ بە سیستەمی دیمۆکراتی و فیدرالی بە گشتی و ڕوناکبیرانی لایەنگری دەوڵەتنەتەوەی عەرەب و تورکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشەکانی ئەمڕۆی حکومەتی بەلجیکا و ناکۆکی و ڕێکنەکەوتنەکانیان بە کێشەیەک کە سەرچاوەکەی لە سیستەم و پرۆژەی فیدرالیزمەوەدێ دەچوێنن، و بەم شێوەیە هێرش دەکەنە سەر ئەو بۆچونانەی کە هەوڵی لاوازکردنی دەوڵەتنەتەوە و دەوڵەتی ناوەندی دەدا، هەرکەسێک لەو ڕوناکبیرانەش هەڵگری فکو ئاددیۆلۆژیای دەولەت و ناسیۆنالیزمێکە کە ترسیان لە فیدرالیزم هەیەو بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە مۆدێلی کۆنی دەوڵەتنەتەوەو دەوڵەتی ناوەندی دەبیننەوە.

فیدرالیزمی بەلجیکا کە لە ئەنجامی تێکۆشانیێکی چڕوپڕی ناسیۆنالیزمی ڤلاندەرەن هاتۆتەکایەوە بۆتە مۆدێلێکی بەرچاو بۆ ئەو وولاتانەی کە زیاتر لە نەتەوەک، ئایینێک، کولتور و زمانێکی تێدا دەژی. سیستەمی فیدرالیزمی بەلجیکا کە لە بنچینەدا پرۆژەی فلامان زمانەکانە گەشانەوەیەکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، ئەگەر ئەمڕۆ سەیری هەرێمی فلامان بکەین جیاوازیەکی زۆری لە بوارەکانی ئابوری، کولتوری و ئاوەدانکردنەوە لەگەڵ هەرێمی ڤالۆنی هەیە کە پێشتر هەڵگری مۆدێلی دەوڵەتی ناوەندی بوون، ناکۆکی فلامانەکانیش لەگەڵ ڤالۆن بەتەنیا لەسەر ستاتۆی بروکسل نیە، بەڵکو لەسەر چۆنیەنی بەڕێوەبردنی وولات، یاسا و ئابوریەکی مۆدێرنە،

ئەگەرچی ئەمڕۆ چەند ڕێکخراوێکی فلامانی وەک "فلامان بلۆک" هاتونەتە مەیدان و هەندێک جار درووشمی توند دەڵێنەوە، نابێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە لە پرۆژەی فیدراڵی بکەوینە گومان، بەڵکو ئەوە کاردانەوەیەکی مێژووییە، لەبرانبەر ئەو ناعەداڵەتیانەی کە لە لایەن دەوڵەتی ناوەندی دژ بە کولتوری فلامانەکان ئەنجام دراوە، ئەگەرچی فلامانەکان هەوڵێکیان جدیان هەیە بۆ گۆڕینی دەستوری بنچینەیی بەلجیکا و داوا دەکەن هەر هەرێمەو خاوەنی دەستوری هەمیشەیی تایبەت بەخۆی بێ، ئەوەش هیچ کات ناکرێ وەک ئەوە لێکبدرێتەوە کە هەندێک کەس بانگەشەی بۆ دەکەن و دەڵێن فیدرالی سەرئێشەیە ناکۆکی نەتەوەیی و دابڕان لە نێوان نەتەوە و گروپە ئێتنیکیەکان قوڵدەکاتەوە، مەسەلەی نەبوونی حکومەتیش کە ئەوە پێنج مانگە قەرانێکی بۆ دەوڵەتی بەلجیکا سازکردوە بەهەمان شێوە ناگەڕێتەوە بۆ پرۆژەی فیدرالیزم، بەڵکو سەرچاوەکەی بۆ ئەو لایەنانە دەگەڕێتەوە کە نایانهەوێ دان بە سەردەخۆیی هەرێمەکان لەبوارەکانی بەڕێوەبەرایەتیەوە بنێن و ڕیگانادەن هەر ناوچەیە دەستورێکی تایبەت بەخۆی هەبێ، دەبێ ئەوەش بڵێین لە سایەی ئەو پرۆژەیەدا سەرباری نەبوونی حکومەت بۆ ماوەی 5 مانگ هەموو کارەکانی دەوڵەت و حکومەت لەلایەن پەرلەمانەوە بەڕێوە دەبرێن، ئەمڕۆ چەند پارت و ڕێکخراوێک ناتوانن لەسەر حکومەت ڕێکبکەون بۆ دەبێ ئەم ڕێکنەکەوتنە بخرێتە ئەستۆی فیدرالیزمەوە، خۆ ئەگەر ئەمە وابێ دەبێ کێشەی هۆڵەندا چی بێ کە لە ماوەکانی ڕابوردودا نزیکەی دوو ساڵ بێ حکومەت مایەوە خۆ سیستەمی هۆڵەندا فیدراڵی نەبوو.

لە ڕاستیدا شەڕی فلامانەکان لەگەڵ ڤالۆنە فەرەنسی زمانەکان بۆ دابەشکردنی بەلجیکا و دەرکردنی ڤالۆنەکان لەو وولاتە نیە بەڵکو شەڕی لۆژیکی دەوڵەتی ناوەندی و فیدراڵە. خۆ ئەگەر لە بواری سیاسەتە دەرەوەشدا تەماشا بکەین بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ. کەسێک کە دوو ڕۆژ بێتە بەلجیکا و سیاسەت بکات هەست بەوە دەکات ڤالۆنەکان زیاتر پەیوەندیان لەگەڵ تورک و عەرەب و ئێرانیەکان هەیە، وە تاکو ئێستا هیچ هەڵوێستێکی بەرچاویان لەبەرانبەر مافەکانی گەلی کورد دژ بە دەوڵەتانی وەک ئێران- سوریا-عێراق و بەتایبەتی تورکیا نەبوە، من خەڵک ئەناسم لە بروکسەلی پایتەخت کە زیاتر دامودەزگاکانی لەژێر کۆنترۆڵی فەرەنسی زمانەکاندایە، دیپلۆمی شەشی دواناوەندی بردوە بۆ ئەوەی بتوانێ لە زانکۆ بخوێنێ کە ئەمە لە هەموو وولاتانی ئەوروپا کارێکی زۆر ئاسانە ئەگەر دیپلۆمی شەشی ئامادەیی لە وولاتی خۆت بێنی دوای ئەوەی زمانی ئەو وولاتە فێربوی لە زانکۆ وەرتدەگرن، بەڵام ئەوان گوتویانە ئەو دیپلۆمەی تۆ بە کوردی نوسراوە نەک بە عەرەبی، ئەوێش گوتویەتی من خەڵکی هەرێمی کوردستانم لەوێ زمانی فەرمی کوردیە، ئەوانیش گوتویانە ئێمە دان بە دیپلۆمی هەرێم ناهێنین، بەڵام من پرسیارم کرد لە ناوچەی فلامان زمانەکان ئەو کێشەیە نیە، ئەوان زیاتر هەست بە کێشەی نەتەوەو کەمینە چەوساوەکان دەکەن و یارمەتیان دەدەن. من لێرەدا نامەوێ ئەوە بڵێم کە فیدرالیزم زۆر ئاسانەو بێ کێشەو گیرو گرفتە و چارەسەری هەموو کێشە ئێتنیکیەکان تا ئەبەد دەکات، بەڵکو مەبەستمە سەرج بدەمە سەر سیستەمی فیدرالی بەلجیکا، ئەوە ڕون بکەمەوە کە چۆن کێشەکانی ئەوڕۆی حکومەتی بەلجیکا کێشەی ڕاستی و چەوتی مۆدێلی دەوڵەتی فیدراڵ نیە، بەهەمان شێوە شێوازی بەشێک لە ڕوناکبیرانی دەوڵەتی مەرکەزی و هاوبیرانیان لە وولاتانی ڕۆژهەڵات هیچ پەیوەندی بە ڕەخنەگرتنێکی لۆژیکیانە لە مۆدێلی فیدرالیزم نیە، بەڵکو ئەوە تەواو بۆچونێکی ئایدیۆلۆژیە دورە لە ئەقڵانیەت.

هیوا عبدالله- بەلجیکا
25-نۆڤەمبەری 2007

سەرچاوەکان:


- http://makwan.kurdblogger.com/
- http://ku.wikipedia.org/
- http://www.usconstitution.net/consttop_fedr.html
- http://geyikmerkezi.com/belcika-federasyonu-ikiye-bolunuyor-spor_futbol_haberi_son_haberler5404.html
- http://eski.binfikir.be/index.php?option=content&task=view&id=2414&Itemid=103